# برین........

سمکۆ محەمەد

بڕینەکانیش
ڕەزمێکن لەوێنەی شکاوی موسافیر
نهێنییەکانیش
شەرحێکن لە (ئەلف و بێ)ی خەو
ئەوان تاسەی خنکاوی یاریکەرەکان لەئامێز دەگرن
بەکراسێکی سپییەوە
وانەی عیرفانی باخەوانەکان لەقوڕ دەگرن
لەکەرنەڤاڵی قامیشەکاندا کەلێنێک لەبازنەی مەرگ
دەکەن
دەڵێن لێرەیە حەقیقەت
برینەکان کە سامانێک بوون لەجەستەی من
ڕەزمێک وێنە بوون لەبەرزی
برینپێچەکان لەکانوونێکی سارددا بەگەمەیەکی مناڵانە
تەماشایان دەکرد و نەیاندەتوانی بەقادرمە شکاوەکاندا
سەرکەون
ئەوان گوناحی خۆشەویستی قژی گرتبوون
لەو دیو سکێچەکانی کاندنیسکییەوە
لەودیو پەنجەرە سوورەکان و کورسییە سوورەکانەوە
هاتبوون
بەکراسە ئاودامانەکەیان سەمایان بۆ گوناح دەکرد
دەیانوت ڕۆیشتن ڕام کردنی ڕاهیبەکانە بۆ قەشە
برینپێچەکان لە ڕوانینیاندا دیاربوو
دەیانوت شەرەف حەڵقەیەکی تەلایی بوو ماسیگرێک
ونی کرد
شەرەف مەمکی کیژێکی هەرزە بوو
شەوێک دزرا و فڕێدرایە ناو چاڵێکی ئاتەشی
پڕ لە شووشەی کۆ نەکراوە
دەمێک دەیانگوت بەرزن
دەمێک دەیانگوت نزمن
دەمێک دەبن بەسوراحی و ملکەچ دەکەن
دەڵێن یەزدان گەورەترە
دەمێک دەبن بەقوللەیەک و سەربەرز دەکەن
دەڵێن ببوورن کەمێک لەپەرژینەکانتان بەرزترین
دەیانگوت دەروازەی شەقامەکان هەڵدەگرین
نیوەشەوێکی برووسکەیی
نەوادەی قسە بوو.. نەدیقەتی گێلانە
دیقەت لەو ئاسنە ڕەش و لووسانەی
مەملەکەتێکیان سوور کردبوو لەخوێن
هەر ئەودەمە برینپێچەکان دەیانوت
نەسەرەتایە دنەی مردووەکان بدەین قیت ببنەوە



نەکۆتایی مەراسیمەکانە لاوک بۆ گۆڕ غەریبان بڵێین
ئەو دەمە چی بوو خوایە
دەیانوت قاقلە جنۆکەش تانووتی لە کەلاوەکانی
زەردەشت دەدا و
لووتی دەگرت
درەختەکانیش دەیانویست خۆیان لە دەریادا ببینن
چاویان دەگرت
کچان بەدەما دەکەوتن و دەبوونە پۆلە مەل و
باڵیان دەگرت
ئەودەمە من لەشوین پێی برینەکانەوە دەهاتم و
گاگۆڵکێم دەکرد
لە حەقیقەتی گەنم ڕادەمام
دەستم بەپەتە شۆڕبووەکانی دیوارەوە دەگرت و
ڕەنگەکانم نەدەناسی
پیرێکی لەرزۆکی چەماوە گۆچانەکەی ڕاوەشاند و
پێی وتم
نەچیتە سەر لێواری حەقیقەت
ئەو چاڵە گەنمانە بۆ چاوی برسییەکان نین
گەر دەتەوێ بۆن بکەی
جەمەدانییەکی تەڕ بدە بەسەر لالەزارەکاندا
گەر دەتەوێ بیانبینی چاویلکەکەی مەولەوی لەچاوکە
گەر دەتەوێ درەختەکان بناسی
تەماشای ئەو وردە کاغەزە بکە لەگەڵ هەڵفڕینی
کۆترەکان دەبێتە چ حەبیبەیەک و لەنالی دەگەڕێ
بچۆ لەگیرفانی عەباسییەکان بپرسە مەقەس بۆ نایبڕێ
وەختێک قافڵەچییەکان بێ حاسڵی دەگەڕێنەوە
دەڵێن درەنگە بۆ ناسینی حەقیقەت
لەشوێن پێی برینەکاندا حەقیقەت کۆگایەکی
هەمەڕەنگ بوو
سێوێکی سووری فڕێدراوی ناو بازنەکان بوو
گلێنەیەکی سپی شەرمنی چاوی جەللادەکان بوو
لەتە ستیانێکی سەوزی ئابڕووبەری سۆزانییەکان بوو
فەقیانەیەکی زەردی گرگنە ترسنۆکەکان بوو
حەقیقەت هەموو شتێک بوو...... هیچ
برینپێچەکان دەیانوت
هەموو ڕەنگەکانی خۆش دەوێ
منیش بەبرینەکانمەوە بۆی دەگەڕام
کە دڵی شەیتان لێی دزیبووم
هەر بەو برینانەوە ناسرابووم کە سامانێک بوون
لەجوگرافیای جەستەی من
برینی تەڵاکانی دەستم
برینی مەرجانەکانی چاوم
برینی میتاڵەکانی پشتم
برینی دارەکانی پەنجەم
برینی خۆڵەکانی جەستەم
برینی بەردەکانی سەرم
برین و برین و برین

دەوڵەمەندترین جەستە لەبرین
چەند قەتماغە بگرن دەلاقە شکاوەکانی بیر ناچێتەوە
چەند سارێژ بێت چەقۆ کریستاڵییەکانی بیرناچێتەوە
چەند سپی بێت شەوی گوناحە ڕەشەکانی بیر ناچێتەوە

من لەنێو سامانی برینەکان و
لەکتێبی پەڵەکاندا بۆ مەتەڵێک دەگەڕام
پەپوولە لەمەرگی بیستبوو
پەڵەی خوێنی ڕەش
پەڵەی هەوری ڕەش
پەڵەی گەنمی ڕەش
پەڵەی دەستی ڕەش
پەڵەی بارانی ڕەش
وەک شەهێنە فیتنەبازەکان چاویان زیت و ڕەنگ
ترسێنن
حەقیقەت شەهێنێکی گوناحکار بوو، بێچووی
هەمووانی قووت دا
گەر گوناح نەبا
لەنێو گڕکانی ئاگر پەرستەکاندا دەستی ئاوریشم چی
دەکرد
لەنێو بڵێسەی مەنجەنیقەکاندا مەمکی فریشتە چی
دەکرد
لەنێو تەنووری شەڕەکاندا دەنووکی کۆتر چی دەکرد
شەهێنەکان چ فیتنە بوون خودایە
برینەکانیان دەژمارد و یەک یەک هەڵیان دەدایەوە
برینپێچەکانیش کە هەندێ جار موعجیزە بوون و
هەندێ جاریش واهیمە
هەندێ جار زەغرەفە بوون و
هەندێ جاریش تریفە
فێریان دەکردم لەنێو سامانی برینەکاندا
مۆخی دەڵەمەبوومان کۆکەمەوە
جەستەی ترینجاومان لێکدەمەوە
لەباڵایەکی شەلاڵدا ئەلبوومێک وێنەبگرم بۆ بەختیاری
وێنەی شکاوی شازادەکان
لەنێو برینی تەڵاکانی دەستم
وێنەی شێواوی جەللادەکان دەگرم
لەنێو برینی دارەکانی پەنجەم
وێنەی دڕاوی شەیتانەکان دەگرم
لەنێو برینی بەردەکانی سەرم
وێنەی هەڵبزرکاوی خواکان دەگرم
لەنێو برینی خۆڵەکانی جەستەم
وێنەی ژاکاوی دۆڕاوەکان دەگرم
برینەکان کە ئەلبوومێک بوون لە حەقیقەت و
هۆیەک بوون لە ڕەنگی گوناحبارەکان و
بارێک بوون لەچەقۆ
تەنها برینپێچەکان دەیانزانی
چ سامانێکە......